# یارییەکی نوێ لە یاریگای زماندا.. ببوورن زەماندا

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

بارسێلۆنا بە سەر مەیدانی میندا هات
بە تۆپەکانی هەمیشەوە کە ئاور
بە لاقی یاریزانەکانەوە. کە مەودایەکی دوور دەڕۆن
بە ناوەندەکانی دۆزەخی ڕیالدا

لە سەر لاشەی کەڵەشێرێکی ئەفغانی
نووسراوە کە من بارسایی..م
لە سەر پێستی پەیکەرەی ئازادی
کۆنینە ناسەکان بە ڕێنووسی بزماری دەخوێننەوە :

ئێمە ڕیالی... ن بە تامی ئەمریکاوە
کە ناوەندێکی ڕەشە بۆ یاری.

لێ بیر لە یانەکانی دیکەش دەکەمەوە
کە وێران دەبن لە ڕیزی یانەکانی پلە یەکی کەرکووکدا

بیر لە گۆڵپارێزێکیش دەکەمەوە بە دوای تۆپەکاندا
لەسەر بەرماڵی ئاور نوێژ دەکا

بەسەر مینەکانی خەونێکدا بەڕێوەیە پێنووسێک
بەسەر مێینەکانی ترساو لە باران کە پاش مەفرەزی
شەو دادەکا:

شوێن: مەدرید بە کاتی لۆرکا
کات: دە چرکەی دیکەی ماوە هەتا فڕانکۆ
یارییەک ببینە کە هەزاران تۆپ تێیدا ونە
شەپۆلێکیش مێکزیکی لە زام.

مەدرید لە شەقامەکانتدا عاشقانە دەبمە خوێن
لە چۆمەکانتدا – فیلمێک دەبینم کە سەرەتای خەونی
نەهەنگێکی وەڕەزە
لەوێوشەوە دەڕوانمە یاریگای نێودەوڵەتی سانتیاگۆ
بێرنابیۆست
ڕیال لە ناوەندەوە تا دڵی تۆ بە تێلدڕوو ڕازاوە
ئاوریش بە سەر لەشی ڕووباردا پەرژینێک بۆ شەیتانە



سووره‌كان.

بارسیلۆنه‌یش.. به‌ره به‌ره له سه‌ر كێله‌كان
ده‌نووسرێته‌وه
له‌سه‌ر ده‌فته‌ری بیره‌وه‌ری شاعیرێكی كورد
ده‌خوێنرێته‌وه
كه ده‌زگیرانی له گۆڕه‌پانه‌كاندا
زه‌مانیشی له گۆڕه پانه‌كاندا به كاتی گرینویچ.

مه‌درید! ڕیال نه‌یده‌برده‌وه ئه‌گه‌ر كه‌شی ئه‌مریكا باراناوی
نه‌با
یانه‌كانی دیكه‌ش مه‌شخه‌ڵیان له چاوی گورگ قه‌رز
نه‌كردبا
جامی یانه نایابه‌كانی ئه‌وروپاش
كه به‌رز ده‌بێته‌وه ...له دیسكۆیه‌كی دوبه‌ی
ونتر له چاره‌نووسی چیایه

بارساییه‌كان له یاریگای كه‌ركووكدا
تۆپه‌كان به كاتی گۆڵپارێزه‌كانی خۆیان داده‌گیرسێنن
مژ له نێرگه‌له‌یه‌كی كه‌وناراش ده‌دا باغچه

كاپیتان جگه‌ره‌یه‌ك داده‌گیرسێنێ له برین
قاوه‌یه‌ك تاڵ ده‌كا به خوێن و
ڕوو له بینه‌رانی یاریگا

كاپیتان شه‌رمێكی دووره
ئه‌و كاته‌ی میز ده‌كا به كاتژمێری بیگ بیندا.

هه‌ر یاری ده‌كه‌م دوور له جامی جیهانی و
ڕوو له په‌یكه‌ره‌ی ئازادی
به‌ر له‌وه‌ی ئاوس بێ به شه‌و
به‌ر له‌وه‌ی ڕه‌دووی –وه‌با– كه‌وتبێ.